http://www.Serbexo.Com

## بانگەوازی ماڵپەڕی ( سەربەخۆ ) بۆ نووسەران و ڕۆژنامە نووسان و ڕاگەیاندنە کوردییەکان.

ڕۆشنبیران، ڕۆژنامە نووسان، سەربەخۆخوازانی کوردستان !
ماڵپەڕی سەربەخۆ ،

www.serbexo.com

وەک سەکۆیەکی ڕاگەیاندنی ئازاد بۆ دەربڕینی بیروڕاکان و خزمەت کردن بە بیرۆکەی سەربەخۆیی خوازی لە کوردستان، وەک ماڵپەڕێکی بێلایەن و سەربەخۆ، لەم ڕۆەوە واتە 22 ی گەلاوێژی 2707 ی کوردی بەرامبەر بە 13 ئاگوستی 2007 ی زاینی، بە هەر سێ زمانەکانی کوردی وئینگلیزی وفارسی دامەزراندنی خۆی بە خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنێت،

لە ڕێگەی ئەم بانگەوازەوە داوا لەسەرجەم نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستانی دەکەن: لە گشت شارو ناوچەکانی کوردستان، هەروەها نووسەران وڕۆشنبیرانی گەلەکەمان پەڕیوەی وڵاتانی دەرەوە کە بەرهەمە کانی خۆیان بە و سێ زمانە بنێرن بۆ ماڵپەڕەکەمان ، لە هەواڵ وڕووداوەکانی ڕۆژ ماڵپەڕەکەمان ئاگادار کەنەوە،
هاوکات خۆشحاڵ دەبین کە هەر بەرێزێک ئامادەی خۆی دەرببڕێت وەک هەواڵنێر یا دەستەی نووسەرانی ماڵپەڕەکەمان هاوکاریمان بکات،
ماڵپەرێ (سەربەخۆ) بە نیازە ڕۆژانە لە بابەتی هەمە ڕەنگە وەک هەواڵ ،وتاری نەتەوەیی، ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هتد نۆێ بکرێتەوە،

هەروەها هەموو لایەک ئاگادار دەکەینەوە کە بەشێکی دیکەی ماڵپەڕەکەمان تەرخان دەکرێت بۆ ڕێکلام،
ماڵپەڕی سەربەخۆ ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە ڕێکلامێک(پڕوپاگەندەی بازرگانی هەمە ڕەنگەی) کوردی بە نرخێکی زۆر گونجاوو هەرزان،
هاوکات داوا لە سەرجەم ڕۆژنامەو ماڵپەڕە کوردستانیەکان دەکەین، کە هاوکاریمان بکەن ئەم بانگەوازەمان بۆ بڵاو بکەنەوەو ولینکی ماڵپەڕی سەربەخۆ بخەنە ناو لینکەکانی خۆیانەوە،

دەستەی بەڕێوەبەری ماڵپەڕی سەربەخۆ ،
ئیمەییلی پێوەندی گرتن بە ماڵپەڕی سەربەخۆ.،
serbexo4@yahoo.com , serbexo4@gmail.com

22 ی گەلاوێژی 2707 ی کوردی .